# کەسیک ....

# لە باران دەچوو

***سابیر صدیق***

ژووریکم هەبوو

لە شووشەی عەتر

بەیانیان

پر دەبوو لە بونی نارنج

ئیواران

لە دوکەڵ و

لە بونی شەراب

** ** ** **

ژووریکم هەبوو

ئەوەندەی نەختی

هاوین،

بەشنەیەک فینک دەبوو

زستان...

بە هەناسەی شەکرە ژنی،

گەرم دەبوو

** ** ** **

ژووریک

لەمەرمەری تەنیایی

روشن بە سەمای کەناری

رازاوە بە جوانی گوڵ

بە خەیالی ئەرخەوانی

گوڵەکانم نەگواستەوە

رەنگ ئیستا

بەفر رووومەتی رنیبن

گەرما رەگەکانیان بخوا

کوتوپر بوو

هەرزنم بو تەیرەکانم دانەنا

رەنگە ئیستا

برسیتی کویری کردبن

پشیلەی هاوسی دلپیسەکەم

شەوان گەمەیان پیبکا

** ** **

کوتوپر بوو

کلیلەکانم بزر کرد

رەنگە ئیستا

( غەدر) بەر پەنجەرەکەی تەنیبێ

**( زولمەت) دەرگاکەی دابخا ،**

**ژوورەکەی من**

**** ** ****

**ژوورەکەی من:**

**لە عەترو**

**لە دوکەڵ و**

**لە شەراب**

**چەند سەنگین بوو بەیانیان**

**پر دەبوو لە هەناسەی حەرام**

**چەند سەلار بوو ئیواران**

**سەرمی لە باوش دەگرت و**

**دڵمی دەدایە بەر مانگ**

**من.... بەوم دەگووت : دایە**

**ئەو بانگی دەکردم باران**

**هەیهات...**

**ئیتر من لە باران ناچم**

**ئیتر من بۆنی خاک و**

**ئیتر من بۆنی شیرم لێنایە**

**ئیتر من نە ژوورم هەیە نە پەنجەرە**

**ئیستا کەس لە دەرگام نایا**

کوتوپڕ...

ئیتر

هەڵفڕینێکی تیژوو

مردنێکی لەسەر خۆ بوو

سەفەری من

ئیتر

ڕەنگە ئێستا

لەوێ بەفر

لەوێ گەرما

لەوێ غەدر

لەوێ زوڵمەت

لەوێ یەکێک

لە دەرگایا

ژوورەکەی من!

!

!

---

هاوینی 2002 سوید